# بانکی پرسیار / کوردناسیی گشتی / قۆناغی یەکەم

پ١/ ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی پەیوەندییان پێکەوە چییە؟

پ٢/ کوردناسی و ئێرانناسی چ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟

پ٣/ کوردستان کەی لە ئێرانناسی جیا بووەوە و سەربەخۆی خۆی وەرگرت؟

پ٤/ پێناسەی کوردناسی بکە؟

پ٥/ کێ بۆ یەکەم جار زاراوەی کوردۆلۆجی بەکارهێنا؟ کەی بوو؟

پ٦/ یەکەم کۆنفرانسی کوردۆلۆجی کەی و لەکوێ سازکرا؟

پ٧/ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کوردناسی چی بوو؟

پ٨/ هۆکاری ئایینی چۆن بووە سەرهەڵدانی کوردناسی؟

پ٩/ هۆکاری ئابووری و بازرگانی چۆن بووە هۆی هاتنە کایەی کوردناسی؟

پ١٠/ هۆکاری سیاسی و سەربازی چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە سەرهەڵدانی کوردناسی؟

پ١١/ ئایا گەریدە ئەوڕوپییەکان لە سەرهەڵدانی کوردناسی چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟

پ١٢/ کوردناس کێیە؟

پ١٣/ لایەنی ئەرێنی کاری کوردناسەکان ڕوون بکەوە؟

پ١٤/ لایەنی نەرێنی کاری کوردناسەکان چی بوو؟

پ١٥/ ئەگەر کوردناسەکان نەبوونایە کوردناسی لە چ ئاستێکدا بوو؟

پ١٦/ بایەخی کوردناسی لە چیدایە؟

پ١٧/ کوردناسی چ ڕۆڵێکی لە دروستکردنی ئینتیما لای قوتابییانی زانکۆ هەیە؟

**پ١٨/ زمانی کوردی تا ئێستا بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە؟**

**پ١٩/ زمانی کوردی لە ڕووی نووسین و خوێندنەوەوە تا ئاستێکی زۆر وەك یەکە؟ ڕوونی بکەوە؟**

**پ٢٠/ زمانی کوردی چوار زاری هەیە، ئەوانیش:........، ................، ..........، ............**

**پ٢١/ چەند نووسەرێکی کورد زارەکانی زمانی کوردییان دابەش کردووە، لەوانە:...........، ..................، ....................**

**پ٢٢/ زمانێکی کوردی لە خێزانە زمانی................و ..................یە.**

**پ٢٣/ زمانی کوردی زیاتر لە ئەلفوبێیەکی هەیە.................، .................، ...............**

**پ٢٤/ کام لە زارەکانی زمانی کوردی زیاتر لەبارە بۆ ئەوەی بکرێتە ستاندارد؟**

**پ٢٥/ قۆناغەکانی بە ستاندارکردنی زمان چەندن؟ بیانژمێرە؟**

**پ٢٦/ تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کۆنی کوردی چین؟**

**پ٢٧/ کاریگەریی ئایینی ئیسلام بەسەر ئەدەبی کۆنی کوردی بە ئاشکرا دیارە، ڕوونی بکەوە؟**

**پ٢٨/ ئاماژە بە نموونەی شاعیری ئەم قۆناغە بدە و باسی بەرهەمەکانی بکە؟**

**پ٢٩/ زمانی دەقە ئەدەبییەکان لە قۆناغی ئەدەبی کۆندا زمانی تێکەڵ و سەخت بوو، چۆن. ڕوونی بکەوە؟**

**پ٣٠/ لە ئەدەبی نوێی کوردیدا هەندێك ناوەڕۆك زیاتر بایەخیان پێدرا، لەوانە: .........، .............، .......................**

**پ٣١/ کێش و سەروا لە قۆناغی ئەدەبی نوێی کوردی چۆن بوو؟**

**پ٣٢/ ئاماژە نموونەی شاعیری ئەم قۆناغە بدە؟**

**پ٣٣/ ڕەمز لە چ قۆناغێکدا زیاتر بەکارهاتووە و بۆچی؟**

**پ٣٤/ باری ئەدەبی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ئەدەبی چۆن بوو؟**

**پ٣٥/ مێژووی کورد بۆ چەند قۆناغ دابەش دەبێت؟**

**پ٣٦/ باسی ئەشکەوتی شانەدەر بکە؟**

**پ٣٧/ .......................یەکێکە لەو شارانەی کوردستان تەمەنی زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵە؟**

**پ٣٨/ گوندی چەرموو یەکێکە لە گوندە کشتوکاڵییە دێرینەکانی کوردستان، لەبارەیەوە بدوێ؟**

**پ٣٩/ ئاماژە بە میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسییەکان بدە؟**

**پ٣٩/ باسی میرنشینەکانی ئەردەڵان، سۆران، بابان بکە؟**

**پ٤٠/ دوای ڕوخاندنی میرنشینە کوردییەکان، کورد بە چ ڕێگەیەك بەردەوامی بە بوونی سیاسیی خۆی دا؟**

**پ٤١/ باسی هەندێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بکە، کە ڕۆڵی گرنگییان لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبووە؟**

**پ٤٢/ کەشوهەوای کوردستان چۆنە؟**

**پ٤٣/ تۆپۆگرافیای کوردستان چەند جۆرە؟**

**پ٤٤/ پێناسەی جینۆساید بکە؟**

**پ٤٥/ چەند جۆر جینۆساید هەیە؟**

**پ٤٦/ ئاماژە بە جینۆسایدی ئابووری بدە؟**

**پ٤٧/ جینۆسایدی جەستەیی بریتییە لە لەناوبردنی مرۆڤ بە ڕێگەی :..........، .........، ..........، ......................**

**پ٤٨/ جینۆسایدی بایەلۆجی چۆن بەرانبەر کورد پەیڕەو کراوە؟**

**پ٤٩/ جینۆسایدی کلتووری بریتییە لە:..........................................................................**

**پ٥٠/ ئێمە چۆن وا بکەین ئەو کارەساتە نەتەوەییانە هەمیشە بەزیندوویی ڕابگرین؟**